# گەنمڕەنگە زەینکوێرەکان

جەلیل کاوەیس

هەر لە ئێستاوە بەوە تۆمەتبارم مەکە، کە گوایە لە شێوازی گێڕانەوەی من تێناگەیت، من هەر ئەوەندە لەم گێڕانەوەیە بەرپرسیارم، تا سەرەداوێکی رووداوەکەت پێدەسپێرم، ئیدی خۆت دەکەویتە سەر راستەڕێ و مووبەمووی رووداوەکانت دێتەوە یاد، ئەو رووداوانەی تا رادەی مردن لەگەڵیاندا مردوویت و زیندوو بوویتەوە. بۆیە بیرت دەخەمەوە، دەزانم خەمساردیت و چ شتێک بەسەرخۆت نابەیت، بەردەوام دەتهەوێ خەوشی زەینکوێرییەکەت بەچاوقایمی و گوێنەدان پەردەپۆش بکەیت. دەهیچ نەبێ بۆ تاقە جارێ دابچڵەکێ .. ئەرێ تۆ قەت داچڵەکیویت!؟

دەزانم لەوەتەی هەیت لە ناوهێنانی ئەوکەسانە هەڵدێییت، کە لە گەرمەی رووداوەکاندا شکستیان هێنا، یان لە گەمەکاندا دۆڕان، ئەوانە بوونە تارماییەک و تۆ هەڵدێییت و ئەوان بەدووتەوە. دەزانم بەزەییەکت بەجەستەی شەکەتی خۆتدا نایەت، دەهەڵوەستەیەک، ئاوڕدانەوەیەک، رووداوێکەو سەرەداوێکی بەخۆت دەسپێرم. رەنگە ئەمجارە هیچ چارەیەک نەبێت و بەگیرت هەردەهێنم، ئەمجارە گوێم لەو بێ دەربەستییەی تۆ نییە و گەرەکە داتبچڵەکێنم، ئەرێ تۆ قەت داچڵەکیویت!؟

تۆ لە تیرەیەکیت، خوێنت لە سەهۆڵ ساردترە، بەگرمەیەک دنیا ژێرەوژووربێت

بەسەر خۆتی نابەیت و بەتەقەتەقێکی هاکەزایی دەزانیت. ئێوە وەچەیەکن تێکڕا لەیەکدەچن، وەک یەک نەخۆش دەکەون و وەک یەکیش دەمرن. پشتاوپشت بەدەم باریکەژانێکەوە دەناڵێنن و دەمرن، کەچی کەسێکتان هۆی مردنی ئەوەی پێش خۆی نەزانیوە. تیرەی تۆ بێ ئەوەی لەمانای مەرگی خۆیان بزانن، ملیان ناوەتە بەر مردنێکی تورەهات، تیرەی تۆ بەجۆرێ لەیەکدەچن، فەرزەندە شێوەی راستەقینەی باوک نازانێت، هەر لەسۆنگەی ئەم تێکەو لێکەیە، گەر باوک مرد، ئەوا زوو بەزوو بیردەچێتەوەو روخسارێکی هاوشێوەی دیکە جێی دەگرێتەوە.

ئەمێستا روخساری خۆت لەنێو ئەو تێکەولێکەیە بیرچووەتەوەو ئەوەندە پەیوەندیت بەیادەوەرییەوە نەماوە، ئەوەی لە زەینتدا ماوە ئەو تارماییە لەیەکچووانەیەو بەردەوام بەدووتەوەن و تۆش بێ وچان هەڵدێیت و لە وێستگەیەک ناوەستیت، بەڵام واپێدەچێت ئەمجارە گوژمی راکردنەکەت خاوبووبێتەوە، رەنگە بتەوێت گوێم لێبگریت، دەی کەوایە من لەمەولا سەرەتای چیرۆکەکە بەخۆت دەسپێرم و لە هەر شوێنێکیش زەینت کول بوو، زەنگێ بۆ ئەم ژمارەیە لێدە (٤٩٣٦٤٦٧)، ئەوسا کەسان و شوێن و کاتی چیرۆکەکەت بیردەخەمەوە. با جارێ رابردوو بۆ کاتی گێڕانەوەکە هەڵبگرین و لەئێستا و ئاییندەوە تێهەڵچین. ئاوهاش حەوجەیەکت بەمن نامێنێت و مووبەمووی ئەو رۆژگارەت دێتەوە یاد، کە بەچاوی خۆت دیوتن. ئەوەندەش هەیە کۆتایی چیرۆکەکە چ پەیوەندییەکی بە من و تۆوە نییە و ساتەوەختەکە بەلایەکیدا دەخات.

بەرلەوەی بکەویتەرێ و بگەیتە شوێنی رووداوەکە، گوێ لەم بروسکەیە بگرە، «با ئەو لاملە گەنمڕەنگە بەپەلە بکەوێتەرێ و بێت ئەو ناشتنی مردووە بەچاوی خۆی ببینێت مردوویەک کە هەموو رۆژە دۆزەخییەکانی دێنێتەوە یاد، بابێت کوردیا بابێت». ئیدی ئەمە سەرەتای چیرۆکەکەیەو لەمەولا خۆت بەتانیدا دەچیت.

بەرلەوەی بکەویترێ و بگەیتە شوێنی رووداوەکە، دەڕوانیتە ئاوێنەکەی بەرانبەرت، روخساری خۆت دەبینیت و دەزانیت ئەوە خۆتی، لاوازییەکەت، گەنمڕەنگییەکەت، سیما مات و خەماوییەکەت، تەواو خۆتیت. بەقووڵی لێی وردەبیتەوەو روخسارەکەت لێ تێکەڵوپێکەڵدەبێت و سیمای نێو ئاوێنەکە دەبەیتە سەر شێوەی باوکت و دادەچڵەکێیت. دەگەیتە ئەو بڕوایەی کە ئەوە باوکتە، ئاخر ئێوە بە روخسار و رۆحەوە لەیەکدەچن. بە ملکەچییەوە سەردادەنوێنیت ؛ دەڵێیت، «باوکە فەرمانت لەسەر سەرم..». سیمای نێو ئاوێنەکە بەسامەوە تێت دەڕوانێت و گوێت دەزرنگێتەوە، «کوردیار، ئەوە بۆچی وا بەناوێڵییەوە تێم دەڕوانیت و تەقەیەک ناکەیت!؟ دەی بەگورجی بکەوەرێ و بگە ئەو رێوڕەسمی مردوو ناشتنە.. خۆ دەزانیت مەبەستم کوێیە؟ راست ئەو شوێنەیە کە دوو چەمە زستانە دورگەیەکیان پێکهێناوەو لەبەرایی دورگەکەش لەسەر پلێتێکی گەورە نووسراوە: شەست و سێ. ئاخر کوردیار، هەر بیادەمێک ژمارەیەک لەژیانیدا بووەتە یادگار، تیرەی ئێمەش ژمارە شەست و سێ هەمیشە لە زەینیان هەڵدەپلکێت و بیرناچێتەوەو ناچێت. دەی پەلەکەو بگە ئەو رێوڕەسمی مردوو ناشتنە» دڵنیایت ئەوە دەنگی باوکتە، بۆیە سەردادەنەوێنیت و دەڵێیت؛ «باوکە، من هیچ جۆرە ژمارەیەک لە زەینمدا نەبووەتە یادگار، لێت تێناگەم، نا ..». دەنگەکە بەسۆزێکی خەمینەوە بەرزتر دەبێتەوە، (کوردیار، ئێمە تیرەیەکی زەینکوێرین، چۆن بیرت نییە!؟ هەر لەشوێنەی کە ئێیستا بۆی دەچیت، لەترسان هەناسەت لە خۆ بڕیبوو، لەپەو روو چەشنی مردوویەک لەگەڵ زەویدا تەخت بووبوویت، ئاخر دەبوو

هەروا بكەیت و لەنێو شەست و سێ جەستەی خلّتانی خوێن بوو، دەبوو تۆش بمریت، دەبوو ساڵی شەست و سێ تۆش بمریت.. دەی زەینكوێرەكە پەلەكەو بكەوەرێ ..»

بەو دەنگە دادەچڵەكێیت و دڵنیایت ئەوە دەنگی باوكتەو ئەوەی لەنێو ئاوێنەكەش دەیبینیت، باوكتەو كەسی دی نییە، بەڵام جەستەی لە كلووی بەفر سپیترە وردەوردە لەنێو تەمێكی لە خۆی سپیتر وندەبێت و تەنها دەنگەكەی دەبیستیت. دەی كەواتە ئەمێستا سەرەداوێكی رووداوەكەت دەست كەوت و بەدەم ئەو دەنگەوە دەكەویتەرێ.

* * *

لە چاوتروكانێكدا خۆت لەنێو ئۆپڵەكە دیتەوە، هەستت كرد لەسەر زەوی نەماویت و گەڕاویەتەوە بۆ سەردەمی ئەفسانەكان و بەسەر پشتی چەرخوفەلەكێكەوەیت و كەوتوویتە پشت هەورەكانەوە، لەنێو ئەو پەڵەهەورانەوە شانبەشانی تۆ چەندین كەسی دی كەوتوونەتە رێ. بەوردی دیقەتیانت دا، لەنێوانیاندا سیمای باوكت ناسییەوە، بەدەستەكانی ئاماژەی بۆ كردیت، تا ئاورێك لە هاوسەفەرەكانی بدەیتەوە. بەپەلە نیگات كردن، كە وەك پەڵەهەور تیژ دەڕۆیشتن. یەكە یەكە نیگات كردن، یەكێكیان بەدەم رۆیشتنەوە دەستی نابوە سەر كەلەكەی و وادیاربوو باریكەژانێک حەجمانی لێ بڕیوە. باوكت دەستبەجێ نیازەكانتی خوێندەوەو پێی گەتیت، «گێلە، ئەوە سمایل و كەریمی باپیرتن، چەند زەینكوێریت، ئەی نابینیت منیش و تۆش كتومت ئەوانین!». لەبەرخۆوە گوتت؛ «وەی بابە، ئێوە چەند لەیەكدەچن. ئێوە بەدرێژایی تەمەنتان هەروا بەپەلەو خێرا رۆیشتوون و ئازارەكانتانیش لەگەڵ خۆبكێش كردووەو هەرگیز ئاوڕتان نەداوەتەوە، ئەرێ بۆ كوێ دەچن و دوا مەنزڵتان كوێیە؟! هۆ باوكە ئێوە پەڵەهەورێكن و هەرگیز بەسەر خاكی خۆتاندا نەباریون! ئەرێ بۆ كوێ دەڕۆن!؟». باوكت بەدەنگێكی بەرز وەڵامی دایتەوە، (بەسە زۆربلێیی، لەو دووریانە پێچ بكەوە، خۆت گێل مەكەو پێچكەوە، دەزانم ئاشنای ئەم رێ و بانەیت و زوو فریای رێ و رەسمی مردوو ناشتنەكە بكەوە. ئیتر لەوێ هەموو شتێ بەچاوی خۆت دەبینیت، پەلەكە، كوردیار پێچ بكەوە ..».

لە حەناس دووریانەكە هەڵوەستەیەكت كرد و باتدایەوە، ئیدی بەدەم رێیەوە بەتانی رۆژگارێكدا چوویت، دیەنی ئەو ریزە ئیڤایانەت هاتەوە یاد، كە چەند رۆژ جارێک بەرەو ئەو دۆڵە دەڕۆیشتن، كە ئەو رۆژگارە ناوی نرابوو دۆڵی مەرگ. لەگەڕانەوەشدا چەند ئیڤایەكی تێكشكاو بەلارەلار لاشەی كوژراوو سەربازی برینداریان بەناڵەناڵ دەهێنایەوە. ئەو سەربازانەی كە لە مەرگ رزگاربییان دەبوو، ناوی ئەو دۆڵەیان نابوو، دۆڵی مەرگ. تۆ لەو غایلانەدا بوویت گوێت بەدەنگی باوكت زرنگایەوە، «كوردیار، ئەو یادەوەرییانە بۆ دوایی هەڵگرە، لەوێ لەنێو حەشیمەتی مردوونێژەكان ئەو رۆژگارە زیندوو بكەوە، بەر بای گوێی زەینكوێرەكانی بدە، جارێ پێ هەڵگرەو بگە جێ.».

كە گەیشتییە پاینی گۆڕستانەكە، تێكەڵی مردوونێژەكان بوویت. چاوت لێبوو باوكت و هاوسەفەرەكانی چەشنی پۆلە باڵندەیەكی سپی بەسەر مردوونێژەكاندا تێپەڕین و لەپشتیانەوە جێگیر بوون. دڵنیابوویت لە تۆ پتر كەسێكی دی ئەوانە نابینێت، «زەینكوێرگەلێكی وا بەجۆرێ دەرگای یادەوەری خۆیان داخستووە، هەتا هەتایە درزی تێناكەوێت و تەنانەت خەونی خواساییش نابینن!». وات بەخۆت گوت و نیگات بەو دارەبازەوە رووا، كە لەنێو پیكابە مازدەكە دانرابوو. لەملاو لەولای دارەبازەكەشەوە دووسێ كەسی سەرلووت كوتراو بەمەلوولی دانیشتبوون و سەریان

خوارکردبووەوە. بەوردی دیقەتی دارەمەیتەکەت داو بینیت بە قوماشێکی ڕەش داپۆشراوەو لەسەر قوماشەکە ئەمە نووسراوە، «عەلاوی غەزوان دەگەڕێتەوە ..» قوماشەکە لۆچێکی تێکەوتبوو و، پاشماوەی نووسینەکەی بزرکردبوو، ئەمەت لێبووە غایلە و نەتزانی بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، وەلێ لای خۆتەوە چەندین لێکدانەوەت لا دروست بوو و بۆ هەر لێکدانەوەیەکیش نیگەرانتر دەبوویت. چاوت لە دارەبازەکە نەگواستەوەو دەتویست لە عەلاوی خۆی بپرسیت، «عەلاوی غەزوان، بۆ کوێ دەگەڕێیتەوە!؟». لەگەڵ هەر لێکدانەوەیەکدا عەلاوی لەنێو ڕابردوویەکەوە سەری دەردەهێنا و ڕۆژگارێکی دۆزەخی دەهێنایەوە یادت و وات زەندەکرد هاکا عەلاوی سەری دەرهێناو لەترسی ئەو ڕابردووە خەریکە ئەنترەشی دەچێت و دەکەوێتە سەر دەست و پای لووتکوتراوەکان و پێیان دەڵێت، «ئامان، بەتەنها جێم مەهێڵن، ئێوە بەهەڵە منتان بۆ ئێرە هێناوە، ئێرە شوێنی من نییە و هەر ئەوەندە ئێرە دەناسم کە ڕۆژگارێک کەتنی ناکردەنیم تێیدا کردووە و ئێستا لێی ژێوانم.. ئامان هەزار کەتن و گوناه و یەک تۆبە.. نا .. نا، من لێرە نامرم، ئاخر هەر کە ئێوە ڕۆیشتن، لێرە جەستەم زیواڵ زیواڵ دەکەن و هەر لەتێکی دەدەنە دەم سەگێکەوە، جێم مەهێڵن، لێرە دڵم دەتەقێت». چاوت لە دارەبازەکە نەترووکاندو وات بەخەیاڵدا دەهات، ئەوا عەلاوی لەنێو دارەبازەکەوە هاتووتە دەرێ و لە لووتکوتراوەکان دەپاڕێتەوەو ئاماژە بۆ پشت مردوونێژەکان دەکات، «من لێرە هەڵناکەم، ئاخر ئێوە ئەو کەسانەی نێو ئەو تەمە سپییە نابینن!؟ ئەوانە زەندەقم دەبەن و برینەکانی جەستەیان پیشانم دەدەن، چیرۆکی ئەو برینانە هەر من دەیزانم و ئێوە نایزانن، ئەوانە ئازارەکانی دەستی منن.. هاوار، جێم مەهێڵن!».

وات هەستکرد عەلاوی لەسەر لووتکوتراوەکان بێ ئومێد بووەو بەدەم هاوارو پاڕانەوەکەی نایەن، بۆیە هاوار دەباتە بەر مردوونێژەکان و لێیان دەپاڕێتەوە، «من کردم ئێوە نەیکەن! ئەوە من بووم حەکایەتی پشتاوپشتانم شێواند، من بووم یادەیوەرییەکانتانم کوشت، دیوانی شاعیرانتانم سووتاند، چی بکەم ئەوە شەیتانێکی فریودەر بوو ختووکەی دەدام، من نامەوێ لێرە بمرم، هەزار گوناه و تۆبەیەکی زەلیلانە!».

عەلاوی وەک تارماییەک بەنێو حەشیمەتەکەدا دەهات و دەچوو، لەپڕ نەتزانی ئاسمان هەڵیکێشا، یان زەوی قووتی دا، نیگای تۆش چەشنی پەلەوەرێک لە ڕوخسارێکەوە بۆ ڕوخسارێکی دیکەی مەردەمەکە هەڵدەفڕی. ئا لەم ساتەدا نیگات بەپشتقەمووریکەوە ئاڵکا، کە لە لێوار گۆڕەکەو لەسەر خۆڵەشێدارەکە چنچکانی دانیشتبوو. کەوتینە گومانەوە ئاخۆ ئەوە عەلاوی غەزوانە، یان مامە قەموورەکەیەتی! چاوێکت بەنێو مردوونێژەکاندا گێڕا و لەولاترەوە مامە قەموورەکەیت بەدیکرد، ئەویش بەهەمان شێوەی ئەوەی لێوار گۆڕەکە چنچکانی دانیشتبوو و سەری داخستبوو. ئەمێستا دڵنیابوویت، کە ئەوەی لێوار گۆڕەکە عەلاوییە و مامە پشتکۆمەکەی نییە، بۆیە ویستت بەتەکانێک بگەیتە ئەو پشتقەموورەی لێوار گۆڕەکەو لەبن باڵی بنەویت و لە مەردەمەکە دووری بخەیتەوە، لەوێ بەخەڵوەتی پێی بڵێیت؛ «ئەها، عەلاوی تەماشایەکی ئەو حەرفە ڕژاوانە بکەو بزانە چۆن لەگەڵ وردوخاشبوونی ئەو کێلانەدا ئەوانیش تەرتەو وەرتە بوون، ئەم حەرفانە جاران ناوی خەڵکانێک بوون و تۆ پەرشوبڵاوت کردن.. ئەم حەرفانە ناوی ئەو کەسانەن کە ئێستا لەنێو ئەو تەمە سپییەی پشت خەڵکەکەوە وا تەماشامان دەکەن.. دڵنیام ئەوانە تەنها من و تۆ دەیانبینین و ئەم زەینکوێرانە نایانبینن، تۆش لەبەر ئەوە

دەیانبینیت، کە دووجار کوشتن، جارێکیان رۆژگاری هات هاتەکەو جارێکی دی بەڕژاندنی حەرفی ناوەکانیان.. عەلاوی، ئاخر من چۆن ئەو حەرفە رژاوانە کۆ بکەمەوە، چۆن مێژوویەکی هەلا بەهەلا پینە بکەمەوە، چۆن عەلاوی چۆن!!؟ دەهیچ نەبێ لێرە مەمرە..»

بەدڵێکی حەسرەتبارەوە نیگات لەسەر پشتەقەموورەکەی لێوار گۆڕەکە گواستەوە بۆ ئەو دیوی مردوونێژەکان، لەوێ نیگات نوقمی نێو تەمێکی سپی بوو، تەمێ لە چەشنی گەواڵە هەوری پاییزە، جوون جوون دەهاتن و دەڕۆیشتن، لەو گەواڵە هەورانە سیمای خۆی و ئاشنا دروستدەبوو، بنیادەمی زرپ و زیندوویان لێ پێکدەهات، جێ ڕێژنەی گوللە بەجەستەی هەندێکیانەوە دیار بوو، کە هێشتا خوێنێکی گەش لە برینەکانیانەوە کفەی دەکرد. بەهەموو تواناتەوە تەکانێک دا، ویستت دەمودەسی بگەیتە لایان و جارێکی دی گوێ لە چیرۆکە لەبیرکراوەکانیان بگریت، کەچی هەر لەشوێن خۆت بوویت، ئەمجارە بەگەرووت هاوارت کرد، «باوکە، سەید حەمید، هۆۆۆو لەگەڵ ئێوەمە، ئاخر ئێوە پسان هێندە رابکەن، لەگەڵ خۆتاندا پرزەتان لە منیش بڕی، بەو راکردنە خوێنی برینەکانتان بەردەبێت و دەمرن، ئاخر لەم رۆژە ئاخروبوخرانەدا کێ برینەکانتان تیماردەکات!؟ دەراوەستن و دیمەنی ئەم حەرفە رژاوانەی سەر کێلە وردوخاشبووەکان ببینن، ئاخر کەسێک نییە هاواری بۆ ببەم!».

جارێکی دی چاوت بڕییەوە پشتەقەمبوورەکەی لێوار گۆڕەکەو گومانت نەما ئەمە عەلاوییە، ئیدی چەشنی راوچییەک لەپارێزی نێچیردابێت، هەستت لە خۆ بڕی، هەوڵت دا لایەکی روخساری ببینیت و تەواو بیناسیتەوە، کەچی ئەو خۆی بەدەستەوە نەدا و لەگەڵ هەر جووڵەیەکی تۆدا وەردەسووڕاو روخساری خۆی نیشانت نەدا، لێ ئەو رۆژەی کە هەر لەم شوێنەدا بەزمانێک دەدوا کەسێکی ئەم ئاوەدانییە لێی تێنەدەگەیشت، چاوسوورکردنەوەکەی، قووچی باڵای، خاڵە شینەکەی نووک لووتی، وێنەیەکیان لە زەینی تۆدا هەبوو، بۆیە چاوت بەنێو حەشیمەتی مردوونێژەکاندا گێڕاو کەسێکی ئەوتۆت دەست نەکەوت، کە تەواو وتەکانی عەلاوی لەبیر مابێت، ناچار پەنات بردەوە بەر ئەو سیما سپییانەی نێو تەمەکەی پشت مردوونێژەکان و روخساری باوکت نیگای قۆستەوە، (باوکە، من دەزانم ئەوساش ئێستاش لەو زمانەی عەلاوی حاڵی نەبوویت و تەنها لە زمانی دڵڕەقییەکەی و چاوسوورکردنەوەکەی گەیشتیت، ئێستاش زمانی تێگەیشتنی تۆ هاوار و ئازاری برینە بەسوێییەکانی جەستەتە کە هێشتا وشک نەبوونەتەوە، ئاه! باوکە. من وامدەزانی ئەو رۆژە کۆتایی دنیایە و ئیدی زیروحێک بەپێوە نامێنێت».

تاوێک بەتووندا چوویت و لە دنیای مردوونێژەکان دابڕایت و گەڕایتەوە بۆ دۆخی رۆژە دۆزەخییەکە، دیمەنی تۆقیوی خۆت هاتەوە یاد، کە لە ترساندا خۆت بەزەوییەوە نووساندبوو، هەر بۆ ئەوەی لە دیمەنە مەرگهێنەکانی دەوروپشتت خۆت رەها بکەیت، خەیاڵت بەرەو لای سەفەرەکەی باوکت رەتاند، هاوکات فیتووی شەمەندەفەرەکە لە گوێچکەتدا زرنگایەوەو خرمەی پێچکەکانیت ژنەوت، ئیدی ببینیت وا باوکت لە یەکێ لە فارگۆنەکان دابەزی و بانگی کردیت، «کوردیار، ئەها ئەو پێڵاوەی تۆپێن، ئەوە ئەمێر ئەرسەلانەکەی ئەمین عەسری ..» خۆخافڵاندنەکەت ئەوەندەی نەخایاند، دەنگی دەستڕێژ و دەنگی پێچکەکانی قەتارەکە لە کاسەی سەرتدا تێکەوڵێکە بوون و لەگەڵ زەوییەکەدا تەختیانکردیت. دەستپێک جەستەتی وەرچەرخاند، لێزانی ئەوەت نەکرد چاو هەڵێنیت و خاوەنی دەستەکە ببینیت. بەئاستەم گوێت لە چپەیەک بوو،«

هیچ زامێکی پێوە نییە، ڕەنگە زراوی تەقیبێت، دەویت باوکانە خۆی و باوکەکەیان کوشت.»، چپەکە دایچڵەکاندیت و چاوت کردەوەو مەلاکەوسەرت دی. ئەو چەند هەنگاوێک کشایەوەو پشووی سواربوو. «وامزانی تۆشیان.. دەهەستە، ئاوەدانی تەنها من و نۆین، با ئەو لاشانە تەقەت بکەین، وا خەریکە بۆنیان تێدەگەڕێت».

بەرزەپێ ڕاستبوویتەوەو چاوێکت بەولاشانەدا گێڕا، کە چەشنی کۆمەڵە تاوێرێکی غلۆرەوەبووی قەد چیا، دوورو نزیک لاڵوپاڵ کەوتبوون. لەنێو تەمە سپییەکەی پشت مردوونێژەکانەوە دەنگێکت ژنەوت، دەنگەکە یەکجار ئاشنا بوو، «ئەم ملۆزمە با لێرە نەمرێت، ئاخر من بەم پیری و زورهانییە بەرگری خەمێکی تاهەتایی ناگرم، دووری بخەنەوە با لێرە نەمرێت.» تەنها تۆ دەنگەکەت ژنەوت، بەرەو تەمە سپییەکە هەڵت ڕووانی و ڕوخساری سەید حەمید هاتە نێو نیگاتەوە، کە بەتەنیشت باوکتەوە وەستابوو، سپی و درێژ، سیمای تووڕە، لای بەلای باوکتدا کرد و گوتی، «باپیرە، ئەها چەند پیر بووم، خۆ ئێستا من گەلێ لە تۆ پیرترم، دە بەو زەینکوێرانە بڵێ من بەرگەی مۆتەکەیەکی وەک عەلاوی ناگرم.. ئەگینا ئێرە جێدەهێڵم .. ئای! باپیرە بۆ کوێ بچم!».

چاوت لە تەمە سپییەکە گوێزایەوە سەر کێلە وردوخاشبووەکان و حەرفە ڕژاوەکانی سەریان. سەرلەبەری سەربردەی ئەو حەرفە ڕژاوانە لەبەربوو، کەچی ئێستا لەبیری کەسێکدا نەمابوون. ویستت بەسەر مردوونێژەکاندا هاوار بکەیت، «دەزانم ئێوە چیرۆکی حەرف و خاوەن حەرفەکانتان بیرچووەتەوە، ڕۆژە دۆزەخییەکەش شوێن و هەتەری لە یادەوەریتاندا نەماوە، ئەمێستا گەر گوێم لێدەگرن، ئەوا هەموو تەمەنی خۆم بۆ گێڕانەوەی ئەو سەربردانە تەرخاندەکەم. ئاها! ئەفسووس گوێتان لە دەنگم نییە و خەریکی ناشتنی درەختێکی زرن، چیرۆکێک دەشارنەوە، کە لە لێوانلێوە لە خەونی سامناک!». ویستت بانگ هەڵبدەیت و دەست بەگێڕانەوەی ئەو حکایەتە بکەیت، کە عەلاوی غەزوان شاکەسی بوو، بەڵام زمانت بوو بە لەپەگۆشتێکی بێ بەها و هەر نەگەڕا و هەر نەگەڕا.

نیگات خستەوە سەر پشتقەمەوورەکەی لێوار گۆڕەکە و دڵنیابوویت ئەوە عەلاوی خۆیەتی، ئەمجارە دوا بڕیارت ئەوەبوو تەکانێک بدەیت و بنەویتە بن باڵی و لە مەردەمەکەی دووری بخەیتەوە و چاو ببڕیتە نێوچاوی و جارێکی دی کوشتنی حەرفە ڕژاوەکانی پیشان بدەیتەوە. ئەمێستا تێی دەڕوانیت و ڕقێک لەناوەوە دەتهەژێنێت، خاڵە شینەکەی نووک لووتی هەتادێت گەورەدەبێت، ڕوخسارو جەستەی لەبەر چاوت دەبێتە خاڵێکی شینی گەورەو بۆنێکی قێزەوەن لەو خاڵە گەورەیەوە هەڵدەستێت و هەناسەی سوار دەکات. ئەو بۆنە ساتەوەختێ لە دنیای دەوروبەر دایبڕاندیت، ئیدی کە وەئاگاهاتییەوە، نە عەلاوی بوونی خواسایی مابوو، نە دەنگەئاشناکانی نێو تەمە سپییەکەت دەژنەوت. خامۆش و کپ سەرت خستبووە سەر ئەژنۆکانت و لە حکایەتی هەموو سەردەمەکان دابڕابوویت، یەکێ بەئاستەم لاشانتی جووڵاندا و گوتی؛ «ئەوە نوستوویت؟ ئاگات لێ نییە خەڵکەکە دەمێکە مردووەکەیان ناشتووەو ئێرەیان جێهێشت!».

سەرێکت هەڵبڕی و چاوێکت بەدەوری خۆتدا گێڕا، مردوونێژەکان لە هیچ شوێنێک هەتەریان نەمابوو، ئەوەی لەو زەمەنە بەجێمابوو تەنها شوێنەواری ئەو گۆڕە تازەیە بوو، کە لەنێو کۆمەڵێ کێلی وردوخاشبوو قوتکرابووەوە. دەستبەجێ ملی ڕێت گرت و سەرلەبەری ڕووداوەکەت جارێکی دی تەنها بۆ خۆت گێڕایەوە.